www.kurdistannet.org
1-7-2006 10:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یەکگرتوو و کۆمەڵە بە نوێژی نیوەڕۆ دزی دەکەن.... و شەرعیەتیشی پێ دەدەن... ؟! میکائیل ئیبراهیم

راستە لەم وڵاتە مافی لەبەرگرتنەوە (کۆپی رایت) ی بەرهەمەکانی نووسەر و هونەرمەندان و بەهرەمەندان نەپارێزراوە، ماندووبوونی خەڵکانی بەهرەمەند، خەڵکێکی دیکە قازانجی دەکاتە گیرفانی خۆی نەک خاوەنی موڵکیەتی بەرهەمەکە، بەڵام هەر هەندێک ئاکار و ئخلاقیات هەن کە مرۆڤ بیکاتە پێوەر بۆ ئەوەی مافی خەڵکانی دیکە نەدزێت و ماندووبوونی ئەوان بە فیرۆ نەدات و ئەو خاوەن بەهرانە بەری ماندووبوون و شەونخونی خۆیان بخۆن و پەرە بە بەرهەمەکانی خۆیان بدەن. هەرچەندە مافی هیچ کەسێک و لایەنێک نیە ماندووبوونی خەڵکانێکی دیکە بخوات، هەموو کەسێکیش ئەم راستیە دەزانێت ئەگەر خۆی لە گێلی نەدات و دزین لە خۆی حەڵال نەکات، رەنگە هەندێک جاریش لای کەسانێک ئاسایی بێت کە ببینێ ئەم مافەی بەهرەماندان بە ئاسایی دەخورێت، بۆیە خۆیشی دەیخوات، چونکە رەنگە ئەوەندە پابەستە نەبێت بە پێوەری حەلال و حەرام یاخود بەهاکانی ئخلاقی ئایینی و مرۆڤایەتی و پیشەیی، بۆیە لەوانەیە ئاسایی بێت، یان هەندێک کەس پێوەری بارودۆخ بۆ خۆیان بکەن بە بیانوو وەک ئەوەی لە کوردستان هەیە، هەرچەندە ئەمەش بیانوو نیە، بەڵام لای هەندێک کەس روو دەدات کە هەرگیز پیوەریان حەڵال و حەرام نییە و بانگەشە بۆ حەڵال و حەرام ناکەن.
بەڵام سەیر و سەمەرە لەوەدایە، کە کەسانێک یان لایەنێک رۆژانە و بە بەردەوامی و بە هەموو شێوەیەک بانگەشەی ئەخلاقیاتی حەڵال و حەرام بکەن بۆ خەلک؛ بەڵکو پەیرەو و پرۆگرامی ژیان و کاری رۆژانە و سیاسی و ئەخلاقییان لە سەر ئەو بنەمایە دامەزرابێت و بەو پەیڕەو و پڕۆگرامەوە خۆیان لە خەڵک جیابکەنەوە و پەیروەو پرۆگرامەکەیان بە ناوی خوا و پێخەمبەرەوە بێت و سەرچاوەی پەیرەو وپڕۆگرامەکەیان پەرتوکی خوا سونەتی پێخەمبەر بێت کەچی پەناش بۆ بەر ئەم کارە ببەن و مافی خەڵکی دیکە بخۆن و بەرهەمەکانیان بدزن. بۆیەش رەنگە بەبەراورد لەگەل خەڵکانێک کە بانگەشەی حەلال و حەرام دەکەن (هەرچەندە هەرگیز قبول نیە) ئاسایی بێت و هێورتر بێت، بەڵام لایەنە ئیسلامیەکان و بە تایبەتی یەکگرتوو و کۆمەڵە کە رۆژانە باسی حەڵال و حەرام دەکەن بۆ خەڵک داوا لە خەلک دەکەن پەیڕەوی ئەم حەڵال و حەرامە بکەن چ بە رێگای ئەو مەلایانەیا کە خوارکەرەوەی راستی و شەریعەتن بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەوان بگونجێت یان بە رێگای ئەو مینبەرانەیان (میدیاکانیان) لە رادیۆ و تەلەفزیۆن و بگرە رۆژنامەکانیشیان کە بە دزین پەرەیان پێدەدەن.. واتە بە دزینی بەرهەمی خەڵک هەر لە کارتۆنەوە تا دەگاتە فلمەکانی شەویان... تد.
سەیر لەوە دایە ئەم دزینە سوروسورە، کە بە نوێژی نیوەڕۆیە و و لە بەر چاوی خەڵکە و پێی نالێن دزین و لە خۆیان حەڵال کردووە، جا قوربان ئەگەر ئەمە دزین نەبێت دزین چ لۆنە.. ؟! یان شەریعەت و ئایین و ئخلاقییات و خواردنی مافی خەڵکانی دیکە بەپێی بەژن و باڵا و بەرژەوەندییەکانی ئێوە دارێژراوە و دادەرێژرێت.. ؟!
ئەمە ئەگەر بەو نوێژی نیوەرۆیە ئاوا بدزن و لەبەر چاوی خەڵک و رێگای شەرعی پێبدەن، ئای لە پشت خەڵک و دوور لە چاوی خەڵک چی دەکەن.. ؟! چەند شت حەڵاڵ دەکەن و چەندی دیکە حەرام دەکەن بۆ بەرژەوەندی خۆتان.. ؟! گەر وا نیە پێم نالێن ئەم دزینە بە چ پیوەرێکی ئیسلامییە.. ؟! ئایا ئاوا داوای وەرگرتنی دەسەڵات دەکەن و ئاوا پرێنسیپە ئیسلامیەکان دەچەسپێنن و داوا لە خەڵک دەکەن دەنگتان بدەنێ بە ناوی ئیسلامەوە.. ؟!
سەد رەحمەت لە عەلمانیەت و عەلمانیەکان کە درۆ لە گەل خەڵک ناکەن بەم شێوەیە و بە ناوی خواوە حەڵال حەرام ناکەن و حەرام حەڵاڵ ناکەن و ناوی خوا و و خوای گەورە ناکەنە ئامرازێک بۆ بەرژوەندی تایبەتی خۆیان وەک کە ئێوە دەیکەن و ئەگەر ناراستیەکیش بکەن یان هەڵەیەک بکەن بەناوی خواوە نایکەن، بەڵکو بە ناوی مرۆڤەوە دەیکەن کە خوای پەروەردیگار دوورە لەم هەڵانەی مرۆڤ و ئەمەش رێزلێنانێکی زیاترە لە ئاینی ئیسلام و تەواوی ئایینەکان...
بۆیەش دڵنیام ئەگەر بەرهەمی خەڵکانی دیکە نەدزن و ماندووبوون و شەونخونی خەڵکانی دیکە نەخۆن و لوشی نەکەن، زەمانێک بوو میدیاکانتان دەرگاکانیان داخستبوو، و رەنگە حزبەکانیشتان دەرگاکانیان داخستبوایە ئەگەر بە ناوی زەکات و کاری خێرخوازی ئیسلامی پارە لە خەڵک نەدزن و لە لایەنی دەرەکی وەرنەگرن.. وەک دەڵێنیش مشتێک لە خەرمان بەسە...